## فريدريك ئەنگلس

# ووتاری ئەنگلس لە کۆبوونەوەی یادکردنەوەی ڕاپەڕینەکەی پۆڵەندا لە1863

هاووەڵاتیان:

پۆڵندا ڕۆڵێکی زۆر تایبەتمەند دەبینێ لە مێژووی شۆڕشەکانی ئۆروپا. هەر شۆڕشێك لە ڕۆژئاوادا، پێ نەکرابێ پۆڵەندا بۆ خۆی ڕابکێشێ و، ئازادی و سەربەخۆیەکەی دابین بکات، بە شکستهێنان مەحکوم بووە. با وەك نموونە، ناوی شۆڕشی1848بهێنین. ئەم شۆڕشە، لە هەر شۆڕشێکی تر، ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانی گرتەوەو نەمسا، هەنگاریا و پروسیا بۆ ناو گێژاوەکەی، ڕاکێشا، بەڵام لە بەردەم سنووری پۆڵەندا، کە لەلایەن سوپای ڕووسیادا، داگیرکرابوو، ڕاوەستا. کاتێ تزار نیکۆلاوس هەواڵی شۆڕشی فەبرووەری بەدەست گەیشت، بە دەوروبەرەکەی گووت: (بەرێزان! سوواری ئەسپەکانتان بن!)و دەستبەجێ هێزەکەی ئامادەکردو لە پۆڵەندا بەچری گۆیانیکردەوە تا لە چرکەی گونجاودا، لە دژ ڕاپەریوەکانی ئۆروپادا، فەرمانی سنوور بەزاندنیان پێ بدا.

شۆڕشگێڕەکان زۆر بەباشی دەیانزانی کە پۆڵەندا، ئەو کێڵگەیەیە کە دەبێ جەنگی لابەلاکەرەوەکەی تێدا بەرپابکرێ. لە5/15دا، جەماوەری پاریس بە بانگەوازی((بژی پۆلەندا)) بە زۆر چوونە ناو کۆبوونەوەی پەرلەمان تا ناچارییان بکەن، لەپێناو سەربەخۆیی پۆلەندا، جەنگ بەرپابکەن. لەهەمان کاتدا، من و مارکس داوامان لە پروسیا کرد، لەپێناو ڕزگارکردنی پۆڵەندا، دەستبەجێ جەنگ لە دژی ڕووسیا ڕابگەیەنێ و لەلایەن هەموو دیموکراتە پێشگەوتتخوازەکانی ئەڵمانیاوە پشتگیریمان لێ کرا. مرۆڤ لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بە وردی دەیزانی کە خاڵە بڕیاردەرەکە لە کوێیە: لە گەڵ پۆڵەندا، شۆڕش دابیندەکرێ و بەبێ وی، دەبێ شکست دەخوا.

لە فەرەنسا بەرێز لامارتین، لە پروسیا فریدریش ڤیلهێلمی چوارەم، ئاوڵزاوای تزارو وەزیرە بۆرژواکانی، بەرێز کەمفهاوزن قەت ئەو نیازەیانە نەبوو، هێرش لە دژی سوپای ڕووسیا بکەن. لەمەشدا حەقیان بوو، چونکە ئەو لەشکرە بە دوا پەرژینی خۆیان لە دژی لافاوی شۆڕشگێران دەبینی. تزار پێویستی بەوە نەبوو سوواری ئەسپەکەی بێ؛ سوپاکەی توانیان لەو چرکەیەدا بەوە بەس بکەن، پۆڵەندا سەرکووت بکەن و هەڕەشە لە پروسیا، نەمسا و هەنگاریا بکەن تا ئەو چرکەساتە کە بەرەوپێشچوونی هەنگارییە ڕاپەڕیوەکان کە لە(ڤییەنا)دا هەڕەشە لە کۆنەپەرەستە سەرکەوتووەکانی نەمسا دەکەن. ئەوجا سوپای ڕووسیا توفانیان بۆ هەنگاریا هێناو بە سەرکوتکردنی شۆڕشەکەیان، سەرکەوتنی کۆنەپەرەستەکانی هەموو ڕۆژئاوا، دابینکرد.

ئۆروپا کەوتە سەر کەوشەکەی تزار، چونکە پۆلەندایان بەدەستەوەدا. ئەوە ڕاستییەکی دیارە کە پۆڵەندا وەك وەڵاتێکی تر نییە: لە مەسەلەی شۆڕشدا، دوا بەردی دامەزراندنی ماڵی ئۆروپایە؛ کێ لەم دووانەدا، شۆڕش یان کۆنەپەرەستی، حەزبکا لە پۆڵەندا بمێنێتەوە، ئەوا حوکمڕانی هەموو ئۆروپا دەکا. ئەو کاراکتەرە زۆر تایبەتمەندەی پۆڵەندا، ئەو بایەخە گەورەیە پێدەدا کە بۆ هەموو شۆڕشگێڕێك ئەو بایەخەی هەیەو هێشتا لە ئیمڕۆژماندا دەهێڵێ هاواری بۆ بکەین: بژی پۆلەندا؟

لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم 2004/6/29

سەرچاوە:

Karl Marx/Friedrich Engels - Werke. (Karl) Dietz Verlag, Berlin. Band 19, 4. Auflage 1973, unveränderter Nachdruck der 1. Auflage 1962, Berlin/DDR. S. 35/36.